# ڕەشنووسی لەگۆڕنانی هیواوئازادی

(وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان،
هەرزە زەلیلی، شاری خامۆشان
نەشەرەفتان ما نەناو و نیشان)
(پیرەمێردی نەمر)

سەرکەش / ئوپسالا a_sarkash@hotmail. com



سەری ئێوە و
کورسییەکانی
دەسەڵاتی ئێوە و
کەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
سەرکردە هێژاکان
ئەگەر
جارێکی تر و
بۆ هەتا هەتایە
بەدەستی
پیرۆزی ئێوە
چارەڕەش کراین
ئەگەر
لە کۆچە
چەند ملیۆنییەکە و
لەریفراندۆما
بەزۆربەی دەنگ
جیابوونەوە و
ڕزگاریمان دەخواست!!!!!
کەچی
جارێکی تر و
بۆ هەتا هەتایە
بەدەستی
موبارەکی ئێوە
بەعێراق
شەتەک دراین
عێراقی
بێ ئومێدی وجەنگ
کت و مت
عێراقی

جاری جاران
عێراقی
بەعس و
عروبەو
ئیسلام
بە کۆپێ
(عاجباتی ئاخری زەمانەوە) *
سەری ئێوە و
کورسییەکانی
دەسەڵاتی ئێوە و
کەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
سەرکردە هێژاکان
ئەگەر
جارێکی تر و
بەدەستی
پڕ
لەکەرەمی ئێوە
کوردستان
درایەوە لەخاچ
کرایەوە
بە شمالی حەبیب
شمالی
عێراقی
دەروازەی
خۆرهەڵاتی
ئوممەی عەرەبی
سەری ئێوە و
کورسییەکانی
دەسەڵاتی ئێوە و
کەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
سەرکردە هێژاکان
ئەگەر
مافی چارەنووس
لە ڕەشنووسی
دەستووردا

چارەنووسی
شونبزرە
مینا
چارەنووسی
بارزانی و
ئەنفالكراوانی
گەرمیان و
بادینان
سەری ئێوە و
كورسییەكانی
دەسەڵاتی ئێوە و
كەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
سەركردە هێژاكان
ئەگەر
ئەم جارەش
وەک هەموو جاران**
سەری
بەرزی مەتان
شۆڕكرد
ئەگەر
ئەم جارەش
وەک هەموو جاران
لە ناسكترین و
هەستیارترین
كاتا
لەیەكەم
تەققەی شەڕی
بێ ئامان و
دەستەو یەخەی
گەرم و
دژواری
یاساییدا
بەبێ تەققە
هەرەستان هێنا
ئاشبەتاپتان
ڕاگەیاند
خۆ بەدەستەوەدانتان
كەم مەسرەف تر بوو

سەری ئێوە و
كورسییەكانی
دەسەڵاتی ئێوە و
كەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
سەركردە هێژاكان
ئەگەر
مافەكانی
مرۆڤ و
مافەكانی
ژن و
مافی
ئازادی ڕەخنە تان
دۆڕان
وەك
دۆڕانی
فیدرالییە***
جوانەمەرگە
بەهیچ نەبووەكەتان
سەری ئێوە و
كورسییەكانی
دەسەڵاتی ئێوە و
كەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
ئەگەر
لەشەرمی ڕوان
(لەبەرخاتری
خاتران) ****
لەتاوانی
جینۆساید
ئەنفال و
هەڵەبجە
دەستتان
شل كرد
ئەگەر
بەفەتوایەك
كێشەی

کەرکوکی
دپ و
قودس
ژەنگار و
ناوچەکانی
تەعەریب
بۆ ڕۆژی حەشر
بۆ بەردەم دادگای خودا
دواخرا
سەری ئێوە و
کورسییەکانی
دەسەڵاتی ئێوە و
کەژاوەی
نەپساوەی
پاسەوانی تایبەتی
ئێوە سەلامەت
ئەگەر
دیکتاتۆرییەتی
ئیسلام و
دەقە
ژنگاوییەکانی
شەریعەت
وەک سەرچاوەی زاپ
دەستووری تالیبان و
ئاخوندە
کۆنەپەستەکانی
پێ
ئیمزاکرا کردن 11،9،2005
*قسەیەکی باوە
**مەبەست کارەرەسەتەکانی1975،1983،1991،1993، 1996
*** (کۆماری عێراقی فیدراپ) تەنیا بنێشتەخۆشەی سەر زاری ڕاگەیاندنەکانی پارتی و یەکییەتییە.
**** قسەیەکی فۆلکلۆری باوە